پزیشکیان شەهرام دەبیری جێگریی بۆ کاروباری پەرلەمان، لە کارەکەی دورخستەوە

بەهۆی ئەنجامی گەشتێکی بنەماڵەیی بۆ گەشتوگوزار، سەرۆک کۆماری ئێران، جێگرەکی خۆی لە پۆستەکەی دوورخستەوە.

بە گوێرەی ئاژانسی ئیرنا، مەسعود پزیشکیان سەرۆک کۆماری ئێران، شەهرام دەبیری جێگریی بۆ کاروباری پەرلەمان، لە کارەکەی دورخستوەتەوە.

مەسعود پزیشکیان لە نامەی دوورخستنەوەی دەبیری نوسیویەتی"دوابەدوای بەدواداچونەکان دەرکەوت، شەهرام دەبیری گەشتێکی بۆ جەمسەری باشوری گۆی زەوی، بە مەبەستی گەشتوگوزار ئەنجام داوە، ئەوەش لە دۆخێکدایە کە فشارە ئابورییەکان لە سەر خەڵک زۆرن و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن".

سەرۆک کۆماری ئێران لەبەشێکی تری نامەکەیدا دەڵێت "ئەو گەشتە بە تێچویەکی زۆرەوە ئەنجام دراوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی حکومەتیش نەبێت، ڕێگەپێدراو نییە".

□

□دوای ب□اوبون□و□ی و□ن□ی□کی ش□هرام د□بیری و هاوژین□ک□ی ل□ ت□نیشت ک□شتیی□کی گ□شتوگوزاری ل□ ج□مس□ری باشووری، س□ر□تا حکوم□تی ئ□ران □□تیکرد□و□ ئ□و و□ن□ی□ نو□ ب□ت و رایگ□یاند" سا□انی رابردوو ئ□و گ□شت□ ئ□نجام دراو□"، ب□□ام دواتر □استی ه□وا□□ک□ پشتراست کرای□و□.